## د.ئەمیر حەسەن پوور:
## ئەمریکا گەورەترین ئاستەنگە لەبەردەم گەشەسەندنی دیموکراسییەت لەجیهاندا

سازدانی: ئەنوەر حەسەنپوور



پرۆفیسۆر د. ئەمیر حەسەنپوور لەدایکبووی ساڵی1943ی شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان و شارەزای زمانناسی، میدیای گشتی و مێژوو وسیاسەتی مۆدێرنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە (بەتایبەت مێژووی نوێی کوردان). ئێستامامۆستای دێپارتمانی شارستانییەتەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و ناوینە لەزانکۆی تۆرنتۆیکەنەدا و لەو زانکۆیەدا کۆرسەکانی ناسیۆنالیزم، مافی کەمینەکان، میدیای گشتی وبزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش دەکات. کتێبی ناسیۆنالیزم وزمان لەکوردستان 1985 – 1918، بەرهەمی هەرە بەناوبانگی دکتۆر حەسەنپوورە. لەگەڵئەوەشدا لە زۆر کتێبدا سەبارەت بەکوردستان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زمانناسی و میدیایگشتیدا بە نووسینی زنجیرە یاخود بابەت بەشداریی کردوە. نووسراو و وتاری جۆراوجۆریلە گۆڤارە ئەکادیمی و ئەنیسکلۆپیدیاکانی جیهاندا بڵاو بۆتەوە. لەوانەئەنیسکلۆپیدیای تەلەفزیۆن، ئەنیسکلۆپیدیای ئیرانیکا، ئەنیسکلۆپیدیای دیاسپۆرا، ئەنیسکلۆپیدیای ئاسیای مۆدێرن، ئەنیسکلۆپیدیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرن وئەنیسکلۆپیدیای مۆسیقای جۆرج گراو. لێکۆڵینەوەی هەرە دوایی ئەمیر حەسەنپوور سەبارەتبەجینۆساید لەکوردستاندا لەوتارێک بەناوی "کوردەکان" لە ئەنیسکلۆپیدیای جینۆساید وجینایەت دژی مرۆڤایەتی(Macmillan، 2005)دا بڵاو بۆتەوە وبەیەکێک لەبەرچاوترین کارەکانی دێتە ئەژمار. دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور لەنزیکەوەئاگاداری رەوشی سیاسسی و کەلتووری کوردەکانە لەوڵاتانی جیهان بەگشتی و رۆژهەڵاتیناوەڕاست بە تایبەتی. هەروەها دکتۆر ئەمیر هاوڕێ لەگەڵ دکتۆر شەهرزاد مۆجاب (هاوسەرو هاوکاری) کۆمەڵێک کارو بابەتیان سەبارەت بەجنایەت لەژێر ناوی نامووس لەکوردستان ولەهەرێمەکە، بڵاو کردۆتەوە. لەدیمانەیەکدا وەڵامی پرسیارەکانی کوردستان راپۆرتیدایەوە.

**کوردستان راپۆرت: ئێوە لەوتوێژو نووسراوەکانتاندا بەپێچەوانەی رای گشتی کوردستان، دژایەتییەکی زۆرتان لەگەڵ هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق دەربڕی. ئەگەر دەکرێ باس لە هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەی خۆتان بکەن.**

ئەمیر حەسەنپوور: دژایەتی من لەگەڵ هێرشی ئەمریکا بە هۆی ئەو بڕوایەی من بوو کە ئامانجی حکوومەتی بوش لابردنی سەدام و بەجێکردنی ڕژیمی بەعس بە دیکتاتۆریەکی هاوشێوەی میسر و ئۆڕدۆنە. من لەسەر ئەو بڕوایە بووم و ئێستەش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم، کە بە پێچەوانەی تێڕوانینی تاقمێک لە روناکبیرانی کورد، دەوڵەتی ئەمریکا چ بەدەست کۆمارخوازەکان بێت و چ بەدەست دیموکراتەکان، سەرەکییترین ئاستەنگی گەشەسەندنی دیموکراسییە لەئاستی جیهانیدا. پرۆژەی بوش بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و سەربازی، داسەپاندنی رژیمە دیکتاتۆر و چەوسێنەرەکانی سەر بە ئەمریکایە و ڕێگەیەکە بۆ بێدەنگ کردنی بزوتنەوە ئازادیخواز و کۆمەڵایەتییەکان و تەواوی ئەمانەش لەخزمەت پرۆژەی سەقامگیربوونی ئەمریکا وەک تاکە هێزی جیهانی سەرمایەداری دایە. ئەویش لە جیهانێکدا کە گرفتاری ئاڵۆزی و سەرهەڵدان و قەیرانی بەردەوامە، جیهانێک کە نە ئارام دەبێتەوە و نە بە سادەیی ڕام دەکرێ.

ئەمریکا لە پرۆژەی "گۆڕینی ڕژیم" کە لە ئەفغانستان و عێراق پراکتیزەی کرد، رووبەڕووی شکست بۆتەوە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئەگەر ئەم پرۆگرامەی بە سەرکەوتنەوە پراکتیزە کردبایەو حکومەتی خۆی بە سەرۆکایەتی کەسانێکی وەک ئەحمەد چەڵەبی سەقامگیر بکردایە، هەر جۆرە دژایەتیەکی لەگەڵ ئەم حکومەتەی بە کردەوەی تێرۆریستی لەقەڵەم دەدا. سەبارەت بەحکومەتی کوردستان، سیاسەتی بوش لەسەرەتاوە ئەمە بووە کە کوردستان لە گەڵ عێراق تێکەڵ بکاتەوە. رەنگە لەبیرتان بێت کە لەسەرەتای ئامادەکاری بۆ هێرشی سەر عێراق، لە دانیشتنێکی نێوان نوێنەری ئەمریکا (زاڵمای خەلیلزاد) و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی (لە کوردستانی عێراق)، نوێنەری ئەمریکا رایگەیاند کەحکومەتی داهاتووی عێراق، حکومەتێکی فیدراڵی نابێت و هەر ئەوەش بووە هۆی ناڕەزامەندی توندی کەنعان مەکیە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەمریکا پاشان سەبارەت بەم بابەتە پاشەکشەی کرد و رایگەیاند کە مەسەلەی فێدراڵیزم هەر لەگۆڕێ دایە، من لەسەر ئەو بڕوایە بووم کە ئەگەر ئەمریکا بتوانێت دەوڵەتێک بەدڵی خۆی لە بەغدا دامەزرێنێ، "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" هەڵدەوەشێنێتەوە و لەجێی ئەو، خودموختاریەکی ئیداری سنووردار دادەنێ، بەجۆرێک کە نیگەرانیەکانی تورکیا زیاتر بێت و کوردستانی عێراق نەتوانێ وەک بنکەی چالاکیەکانی pkkو حیزب و بزووتنەوە کوردییەکان و بزوتنەوەکانی تر خەبات بکا.

ئەمرۆکە دوای ئەوەی کە زیاتر لە 600 هەزار عێراقی گیانیان لەدەست داوە، دوای ئاوارە بوونی نزیکەی 3 ملیۆن کەس و کوژرانی 2684 سەربازی ئەمەریکی (ئاماری 17ی نوامبری 2006) کە زیاترە لەکوشتاری 11ی سێبتەمبەر، هێشتا دەوڵەتی عێراق لەگۆڕێدانییە. سیستەمی دەوڵەتی، کە لەناو یاسای بنچینەیی عێراق دارێژراوە، سیستەمێکی تئۆکراتیک و پیاوسالارە و حکوومەتێک کە لەسەر بنەمای ئەمە دانراوە، تەنیا لە "هەرێمی سەوز" و ئەویش بە پشتیوانی هێزەکانی ئەمریکا دەتوانێ خوێ بنوێنێ.

ئەگەر کوردستانی عێراق ئەمرۆکە توانیویەتی بارودۆخی "سەربەخۆیی بوونی" خۆی بپارێزێ و تا ڕادەیەک ئەم ڕەوشە بپارێزێت، بەهۆی دیموکراسیخوازی بوش و لایەنگرانی نییە، بەڵکو لەبەر

شکستی پرۆژەی سەقامگیرکردنی دەوڵەتی دڵخوازی ئەوانە. تەنانەت ئەگەر ئارامی سیاسی بەدیبێت (واتا ئەگەر مەسەلەی ئاسایش چارەسەر بکرێت) و هەر ئەو دەوڵەتەی لە بازنەی "هەرێمی سەوز" سەقامگیر بووە، بتوانێ تەواوی عێراق کۆنترۆڵ بکات و خاوەن سوپایەکی چالاک بێت، زۆر بەتوندی حکومەتی کوردستان دەخاتە ژێر جەخت و گوشاری خۆی، سوپای عێراق بەبیانووی پاراستنی سنوورەکانی وڵات دەنێرێتە کوردستان، پایەگاکانی هێزە کوردییەکانی کوردستان کۆ دەکاتەوە، کێشەی کەرکوک و کێشەکانی تری پەیوەندیدار بەبابەتی فیدراڵی کوردستان، بەپشتیوانی توندوتیژی و گەلەکۆمە "چارەسەر" دەکا و ئەمریکاش، ئەگەر ئەو حکوومەتە کۆنترۆڵ بکا، پشتیوانی لەو چالاکیانە دەکا.

**کوردستان راپۆرت: ئایا بەڕای ئێوە، هۆکاری ئەو هەموو کوشت و کوشتارە لەعێراق، ناگەڕێتەوە بۆ دەست تێوردانەکانی وڵاتانی ناوچە و جیرانی عێراق، بەو ئامانجە کە پێش بگرن بە ئامانجەکانی داهاتووی ئەمریکا لە ناوچەکەدا؟**

ئەمیر حەسەنپوور: ئاشکرایە کە هەموو وڵاتانی جیران و ناوچەکە نیگەرانی هێرشی ئەمریکا و دەرئەنجامەکانی بوون و هەموویان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەوڵیان داوە کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دابنێن. بۆ وێنە ئێران لەهەموو لایەکەوە لەژێر چاودێری سوپای ئەمریکا دایە کە لەوڵاتانی جیران و کەنداوی فارس و رۆژئاوای ئاسیا و ئاسیای ناوین و قەفقاز سەقامگیر بووە و دارودەستەی بووش ئێرانیان وەک بەشێک لە "تەوەری خراپی" ناوزەد کردووە و "گۆڕینی ڕژیم"ی ئێرانی وەک بەشێک لە ئامانجەکانی سیاسەتی درەوەی ئەمریکا دیاری کردووە. بە سەرنجدان بەپەیوەندی قووڵ و بەرفراوانی نێوان شیعەکانی عێراق و ئێران، چۆن دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ کە ئێران دەست لەگۆڕانکارییەکانی عێراق وەرنەدات؟ سوریاش وەک ئێران، ئامانجی هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بووە و ئێستاش زیاتر لەنیو ملیۆن ئاوارەی عێراقی پەنایان بردۆتە بەر ئەم وڵاتە. تورکیاش سەرەڕای ئەوەی کە لەبەرەی ئەمریکا و ئیسرائیل دایە، نیگەرانی ئەمەیە کە سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق، یان تەنانەت سیستەمی فیدراڵی لەعێراق، "یەکێتی خاک" و "لێک دانەپچڕانی نەتەوەی تورک" رووبەڕووی مەترسی بکاتەوە. لەبەرئەمە جێگەی سەرسووڕمان نییە ئەگەر ئەمریکا و بەریتانیا و مغۆلستان و ئوسترالیا و ژاپۆن و هۆڵەندا و دەیان وڵاتی تر، هێزی سەربازی ڕەوانەی عێراق دەکەن و وڵاتەکانی جیرانیش لە ڕووداوەکانی عێراق دەستیان هەبێت.

**کوردستان راپۆرت: ئاخۆ بە بڕوای ئێوە، هێرشی ئەمریکا تەنیا بەعێراقەوە سنووردار دەمێنێتەوە یاخود ئەم هێرشە سەرەتایەکە بۆ درێژەدانی بەرنامەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوین؟**

ئەمیر حەسەنپوور: بوش رایگەیاندبوو، ئەویش بەدڵنیایی و بەتەواوی ویست و داخوازی خۆیەوە کە "تەوەری خراپی" لەناو دەبات و رژیمی عێراق و ئێران دەگۆڕێ و هەر ئەو پرۆگرامەشەی سەبارەت بە سوریا پەیرو دەکا. ئێستاش بوش ڕووی لەئێران و سوریا کردووە تا کەشتیە شکاوەکەی "بێ ئابڕوو چوون" رزگار بکا.

**کوردستان راپۆرت: زایەڵەی دەنگ و باس و شیکردنەوەکان لە ناوەندەکانی هەواڵنێری و میدیاکانی عێراق و کوردستان وا دەگەیەنێ کە هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق هەلومەرجێکی لەبار و باشتری بۆ گەلی کورد بەدیهێناوە و وەک رزگاریی گەلانی عێراق باس لەم هێرشە دەکەن، ڕای ئێوە سەبارەت بەم بابەتە چییە؟**

ئەمیر حەسەنپوور: ئەگەر دوای تێپەڕینی سێ ساڵ و نیو لەهەڵوەشانی دەوڵەتی سەدام، هێشتا کەسێک لەعێراقییەکان – چ کورد و چ نەتەوەکانی تر – لەسەر ئەو بڕوایە بێت کە هەنگاوێکیان بەرەو رزگاریی هەڵێناوەتەوە، بۆ من مایەی سەرسووڕمان و نیگەرانییە. ئاکامی هێرشی ئەمریکا و داگیرکردنی عێراق بۆ خەڵکی عەڕەب و مەسیحیەکانی ئەو وڵاتە و کەمینەکانی تر ڕوون و ئاشکرایە. پاکتاوکردنی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی، بە جۆرێک کە لەمێژووی هاوچەرخدا نەبینراوە، لەئارادایە. نەتەنها مەسیحیەکان ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوون بوونەوە، بەڵکوو موسڵمانەکانیش لەبواری سیاسییەوە بڵاو بوونەوە و چەندین حکومەتی تێوکراتیکی ناوچەیی سەریان هەڵداوە و کوشتار بەرامبەری شیعە و سوننە هەر ڕۆژ و هەر ساعەت لەئارادایە. تەنانەت شارەکان و شەقامەکان و کۆڵانەکانیش بەگوێرەی لایەنگری دینی و نەتەوەیی دابەشکراون. نزیکەی سێ ملیۆن ئاوارە، نیو ملیۆن کوژراو و ژمارێکی زۆر بریندارو کەمئەندام بەشێک لەدەرئەنجامەکانی ئەو شەڕەی ئەمریکایە. کوشت و کوشتارو دزینی مرۆڤەکانیش لەلایەن هێزەکانی دەوڵەت و گرووپەکانی سەربەخۆوە بەڕێوە دەچێ. ئەشکەنجەی زیندانییەکان زۆر دڕندانەترە لەسەردەمی سەدام. ژنانی عێراق لەهەلومەرجی هۆڤانەی بێ زنجیری سیستەمی پیاوسالاری دان. کوشتاری روناکبیران و پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆ بەشێکە لەپرۆگرامەکانی گرووپە تێرۆریستییەکان...

لەناوئاخنی ئەم ڕووداوانەدا، باسی پێشکەوتنەکانی کوردستان و کرانەوەی سیاسی و ئابووری کوردستان لەبڵاوکراوەو میدیاکانی کوردستان و ڕۆژئاوا دەکرێ. بۆ وێنە دەگوترێ کە لەکوردستان کاروباری سازکردنی ڕێگەوبان شەقام و فرۆکەخانەو فروشگای گەورە و هۆڵی کۆبوونەوەو زانکۆ و قوتابخانە بەڕێوە دەچێ. وەفدی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری لەوڵاتەکانی تر، لەچین و یابانەوە بگرە تا نەرویج و بەریتانیا و فەڕەنسا سەردانی کوردستان دەکەن و حکومەتی کوردستان بڕیارنامەیان لەگەڵ ئیمزا دەکا. تا ڕادەیەک ئاسایش سەقامگیر بووەو دوو پارتی دەسەڵاتدار تا ڕادەیەک سەبارەت بەتێکەڵبوونەوەی ئیدارەکان پێک گەیشتوون. تاقمێک لەچاودێران لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەمانە و بەشێکی زۆر لەگۆڕانکارییەکانی تر شتێک نییە جگە لە بناغەدانانی حکومەتێکی سەربەخۆ.

لەکاتێکدا کە کاری ئاوەدانکردنەوە (بە تایبەت ڕێگە و بان و...) و بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی ئابووری دەبینرێ، ئاوڕدانەوەیەک لە رۆژنامەکان و بڵاوکراوەکانی کوردستانی عێراق، دیمەنێکی تر لەو بارودۆخەمان نیشان دەدا. هەژاری و بێکاری و گەندەڵی سیاسی و ئیداری، لەناوچوونی ئابووری کشتوکاڵ، رەوشی نالەباری دێهاتەکان، گرانی، قاچاخ، نەبوونی خزمەتگوزاری تەندرووستی، ئاو و کارەبا و زۆر کێشەی تر خەڵکی تەواو بێتاقەت کردووە. ئەگەر سەدام حوسێن 4000 دێهاتی کوردستانی وێران کرد، ئەمڕۆکە سیاسەتی ئابووری حکومەتی کوردستان، قاچاخ و ئاڵۆزی ئابووری سەرمایەداری و ئەو کەلوپەلەی لەتورکیا و ئەمریکا و ئێران و زۆر شوێنی تری جیهانەوە

دێ، هەم ڕەوشی ئابووری دێهاتەکان و هەم ڕەوشی ئابووری شارەکانی رووبەڕووی لەناوچوون کردۆتەوە. لەوەها هەلومەرجێکدا، 15 ساڵ دوای کورت بوونەوەی دەستی سەددام حوسێن لەکوردستان (تا ئەو جێیەی بووە) ناکۆکی نێوان خەڵک و حکومەتی کوردستان زیاتر بووە. ناڕەزایەتییە یەک لەدوای یەکەکان نیشاندەری ئەم ڕاستیەیە کە ئەگەر ستەمی نەتەوەیی لەگەڵ ڕووخانی ڕژیمی بەعس لە ناوچووە، ئێستا ستەمی داگیرکەری لەسەر گەلی کورد پەیڕو دەکرێ و لەو بارودۆخەدا، حکومەتەکانی خۆمان و "نەتەوەیی" هەر ئەو ڕێگەیە دەگرنە بەر کە ڕژیمە ستەمکارە "بیانی"یەکان پێیدا دەڕۆیشتن.

ئەگەر لە ڕوانگەی خەڵکی زەحمەتکێشەوە سەیری ئەم گۆڕانکاریانە بکەین، واتا لە روانگەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژاری شارەکان، دەبێ کۆی ناکۆکییەکان بێنینە بەر چاو و بزانین لە هەلومەرجی دابەشکردنی دووبارەی دەسەڵات و گۆڕانی خاوەن دەسەڵاتەکان، چ گروپ و توێژ و چینێک کەڵکیان وەرگرتووە؟ ئاخۆ هەموو سیستەم، واتا سیستەمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەر هاتووە، یاخود تەنیا تاقمێک جیگەی تاقمێکی تریان لە لووتکەی دەسەڵاتدا گرتۆتەوە؟ ئەوەی کە ئاشکرایە، ستەمی نەتەوەیی و ڕوانگەی نەتەوەپەرەستانە (ناسیۆنالیستی) ڕێگە نادا کەم نرخ بوونی ئەو گۆڕانکاریانە، واتا کەوتنی دەسەڵات لە دەستی تاقمێکەوە بۆ تاقمێکی تر بە باشی هەستی پێبکرێ. لە ئەنجامدا، بەشداربوونی کوردەکان لەحکومەت (دابەشکردنی بەرپرسیارتییەکان بەپێی ئاستی گروپە قەومی و ئایینییەکان) و هەروەها داننان بەمافی زمانی و کلتووری کوردەکان، بەگۆڕینی پەیوەندیەکانی دەسەڵات و گۆڕینی سیستەم دادەنرێ، ئەوە لەکاتێکدایە کە درێژەی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، ناکۆکی نێوان کرێکار و سەرمایەدار، وەرزێر و خاوەن زەوی، ژن و پیاو و تەواوی ناکۆکیەکانی تریش لە ناو تۆز و خۆڵی ڕاگوێزانی دەسەڵاتدا ون دەبێ. باسی من لەسەر ئەوە نییە کە تێکۆشان لەبەرامبەر ستەمی نەتەوایەتی هەڵەیە یان گرنگ نییە. ڕەخنەی من لەسەر ئەو تاقمە لە روناکبیرانە کە هەوڵ دەدەن ناکۆکی نێوان دوو هێزی پاشڤەڕۆ، واتا بوش و سەددام، وەک ناکۆکی نێوان ئازادی و داگیرکەری بنوێنن، ناکۆکییەک کە رزگاری گەلی کورد لەستەمی نەتەوایەتی گەرەنتی دەکا. بە بڕوای من، ڕۆیشتن بەرەو پیری سوپای ئەمریکا، گوڵباران کردنی سەربازانی ئەمەریکی، سەما و هەڵپەڕکێ و بەخێرهاتن کردنیان، شتێک نییە جگە لە بێ ڕێزی کردن بەگەلی کورد، بە خەڵکی ئەمریکای لاتین، هیند و چین، فەلەستین، خەڵکی زەحمەتکێشی دونیا، بەتایبەت خەڵکی ئەمریکا، زەحمەتکێشانی ئەمریکا، ئازادیخوازانی ئەمریکا و سەدان سەربازی ئەمەریکی کە لەسەر ئەو بڕوایەن سوپاکەیان لەعێراق خەریکی کوشت و کوشتارە و خۆیان لەبەشداربوونی ئەم کوشتارە دەپارێزن. چۆن دەکرێ گوڵباران کردنی خوێنڕێژترین سوپای مێژووی هاوچەرخ بسەلمێندرێ؟ بەرپرسیارێتی روناکبیرانی کورد زۆر قورسە. ئەو کاتەی کە زیندانی ئەبووغەریبی سەددام بوو بە زیندانی ئەبووغەریبی ئەمریکا و پاسەوانەکانی زیندان و بەرپرسانی دەوڵەتی ئەمریکا، بۆ وێنە ڕامسفێڵدی وەزیری پاراستن، ڕووی سەددامیان سپی کرد و لە کاتێکدا کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ئەمریکایان بەتۆمەتی شەڕ تاوانبار دەکرد، بڵاوکراوە و میدیا کوردییەکان هەوڵیان دا کە بیانوو بۆ ئەم جەنایەتانە بێننەوە.

ئەو تاقمە لەروناکبیرانی کورد، تەنانەت ئەگەر توانا یان ویستی ئەوەیان نەبوو کە چارەنووسی گەلی کورد ئاوێتەی بەرژەوەندیەکانی ئەم هێزە ئیمپریالیستە نەکەن، دەبوو لانیکەم بوێری ئەوەیان هەبوایە کە وەکوو بەشێکی زۆر لە روناکبیران و میدیاکانی ئەمریکا، ئەشکەنجەی دڕندانەی زیندانییە سیاسییەکانی ئەبوو غەریب و گوانتانامۆ شەرمەزار بکەن. بەڵام جیهانبینی ناسیۆنالیستی، روناکبیرانی کوردی هاندا کە لایەنگری لە ئەشکەنجەگەران و ئەشکەنجە بکەن. ئەگەر بە نۆبەش بێ، نۆبەی ئێمەیە؟! یان خود، ئێستا کە ئەمریکا و کوردەکان لەبەرەیەکی هاوبەشدان، گەورەترین دوژمنی ئازادی گەلان، بووە بەفریشتەی ئازادی؟ ئەگەر لەڕابردوودا ئەمریکا خەیانەتیشی بەکوردان کردووە، ئەمڕۆکە بە سەرۆکایەتی بوش و دارودەستەکەی، خوازیاری ئازادی گەلی کورد و هەموو مرۆڤەکانە لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆڕیدا.

روناکبیرە کوردەکان بۆ گەورەکردنەوەی رژێمی بوش، کە یەکێک لە رەشبیرترین لایەنەکانی سەرمایەداری ئەمریکایە، پشتیان بە بیانووی "تیۆریک"یش بەست. بانگەشەی ئەمەیان کرد کە بەرفراوان بوونەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا و جیهانی بوونی سەرمایە، لە گەڵ دیکتاتۆرییەکانی رۆژهەڵاتی ناوین لە ناکۆکی دایەو سەرمایەداری بەبێ دیموکراسی ناتوانێ پەرە بستێنێ، گوایا، لە روانگەی ئەمریکا و سەرمایەی جیهانییەوە، هەبوونی دەوڵەتی گەورە، ئاستەنگە لەبەردەم ئابووری بازار و دەوڵەت گەلێک وەک ئێران و تورکیا و عێراق، دەبێ بە پێی ویستی داروەدەستەکەی بوش، دابەش بکرێن و هەموو ئەمانە، هەلومەرجی لەدایک بوونی کوردستانی سەربەخۆ دەڕخسێنن.

ئەو کاتەی کە بوش و بلێر رۆیشتنە دووڕگەکانی ئێزوورز (Ezores)ی پۆڕتەقاڵ تا پرۆگرامی شەڕ لە گەڵ عێراق ڕابگەیەنن (16ی مارسی 2003) لە لووتکەی تەریکبوونی سیاسی و دیپلۆماتیکدا بوون. ئەو شەڕە، شەڕی نێوان دوژمنانی ئازادی بوو و گەورەترین بزوتنەوەی دژی شەڕی مێژوو، لەمانگێک پێشترەوە دنیای داگرتبوو. هیچ ئاسەوارێک لەچەکی کۆمکوژی نەبوو، بەڵام ئەو داروەدەستەی کە حکوومەتی ئەمریکایان بەدەستەوە گرتبوو، خوازیاری ئەوە بوون کە بەهەر بەهایەک بێ رژێمی عێراق بگۆڕن. جار نا جارێک بۆ سەلماندی سیاسەتی خۆیان و نیشاندانی ئەوەی کە حەق بە وانە، ئاماژەیان بە کوشتاری بەکۆمەڵی کوردەکان و شیعەکان لەلایەن سەددامەوە. بەم پێیە، ستەملێکراوی گەلی کورد و شیعەکانی عێراق بوو بە ئامڕازی دەستی شەڕخوازان.

لەپرسیاری یەکەمدا پرسیتان کە بۆچی من، "بە پێچەوانەی ڕای گشتی کوردستان، لە گەڵ هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق دژایەتیەکی زۆر"م کردووە. هیوادارم توانیبێتم تا رادەیەک وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. من زۆر باش دەزانم کە بۆ چی ڕای گشتی کوردستان و روناکبیرانی کورد پشتیوانی لەشەڕی ئەمریکا دەکەن. نەتەوەیەک کە بە درێژایی سی و پێنج ساڵ حکومەتی بەعس، جگە لەکوشت و کوشتار و ئەشکەنجە و ویرانی و ئەنفاڵ هیچ شتێکی تری نەبینیوە، چۆن دەتوانێ پێشوازی لەڕووخانی سەددام – جا بە دەستی کێ دەکرێ، با بکرێ – نەکا؟ من بۆخۆم رژێمی بەعسی یەکەمم لەبیرە کە بۆ ماوەیەکی کورت دەسەڵاتی بە دەست بوو و کاتێک لە مانگی ژووئیەی 1968 دووبارە دەسەڵاتیان بە دەست گرتەوە، ترسام. من بە دەیان جار لە بەردەم سەفارەتەکانی عێراق لە ئوتاوا، لەندەن و پاریس، لە دژی ئەو رژێمە بەشداری خۆپێشاندان بووم و بە زۆر

شێوازی ترەوە لە دژی ئەو ڕژێمە تێکۆشاوم. رووخانی ئەو رژێمە و دادگایی کردنی بەرپرسانی بە تاوانی ژێنۆساید، جەنایەت لە دژی مرۆڤایەتی و زۆر تاوانی تر یەکێک لە ئاواتەکانی من بووە. وێڕای تەواوی ئەمانە، بە رای من، رژێمی بەعس، کە کوردەکان و شیعەکان سەرەکی ترین قوربانییەکانی بوون، لە تێکۆشان لە دژی ئەو رژێمە، بوش لە ئاستی سەددام دایە، نەوەک لە بەرامبەر ئەودا. من بوش و بلێر و کەسانی تری وەک وان، لە تێکۆشانی دژی داگیرکەری و بە تایبەت بەعس، هاوپەیمان و هاوبیر نازانم. دەوڵەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و تاقمێکی تر، لە شەڕی عێراق لە دژی ئێران، هەموو جۆرە هاوکاریەکیان بە سەددام کرد و کەڵک وەرگرتن لە چەکی کیمیاوی لە دژی کوردەکان و ئێرانیان لە بەر چاو نەگرت و تەنانەت یارمەتیشیان دا. دەوڵەتی ئەمریکا، تەنانەت سەرەڕای ئەوەی ئاگاداری پرۆژەی ئەنفاڵ بوو، نە تەنیا باسی نەکرد، بەڵکوو هەوڵی دا ڕێگە نەدا هیچ کەسێک باسی بکا و سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا (ریگان) یەک میلیارد دۆلار پارەی بە سەددام بەخشی. دوای ڕێک کەوتنی ئێران و عێراق لە ئەلجەزایر (مارسی 1975) بڵاوکراوەکانی ئەورووپا ئەمریکایان ڕەخنە دەکرد کە واشینگتۆن پشتی لە کورد کردووە و ئەوانی لە ناو ئاڵۆزی و شەڕ دا بە تەنیا بە جێ هێشتووە و بە واتایەکی تر لە پشتەوە خەنجەری لێ داون. هێنری کێیسینجێر، یەکێک لە بناغەدانەرانی ئەو پرۆگرامە، لە وەڵامی ئەو جۆرە رەخنانەدا و بۆ هەڵوێست گرتن لە بەرامبەر پایک (pike) کە کۆنگرەی ئەمریکا ئامادەی کردبوو، رایگەیاند کە ئەو چالاکیانە (کەڵک وەرگرتن لە کوردان و پاشان بە جێ هێشتنیان) نابێ لە گەڵ یارمەتی و کردەوەی باش بە هەڵە هەڵسەنگێندرێن. ئەمریکا بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی کەڵکی لە کوردان وەرگرت و هەر لە بەر بەرژەوەندیەکانیشی پشتیان تێ دەکا. کورتی کەمەوە، من لە کاتی داڕشتنی پرۆگرامی شەڕی ئەمریکا لە دژی عێراق و لەکاتی شەڕەکەدا، دژایەتیم لە گەڵ کرد و باش ئاگاداری ئەوە بووم کە ڕای من، هێڵی سیاسی من، لە بەرامبەر ڕای گشتی کوردستانە. بەڵام سەرەڕای ئەمە پێویستیەکە کە من ئەم هێڵە بپارێزم، بە تایبەت لەو هەلومەرجەدا کە ڕەوتەکە زۆر بە هێزە، هەموو کەس لە گەڵ خۆی دەبا و بواری بیر کردنەوە لە داهاتوو بە کەس نادات. بەڵام مەسەلە تەنیا داهاتوو و بیر کردنەوە لە داهاتوو نییە.

من بە درێژایی ژیانم لە دژی ستەمی نەتەوایەتی تێکۆشاوم. سەرەتا وەک زۆربەی قوربانیەکانی ستەمی نەتەوایەتی بەشێوەی خۆبەخۆ و لەچوارچێوەی سیاسەت و جیهانبینی ناسیۆنالیستی. بەخۆشحاڵیەوە دەڵێم، دواتر توانیم ئەم ڕوانین و چوارچێوە سیاسیە بەلاوە بنێم. من هێشتا لەدژی ستەمی نەتەوایەتی تێدەکۆشم، بەڵام نەوەک لەچوارچێوەی ناسیۆنالیستی، بەڵکوو لەچوارچێوی سیاسەتی ئینتەرناسیۆنالیستی. لەسەر ئەو بڕوایەم کە کوردەکان گەلێک و نەتەوەیەکن و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە و بە پێی ئەم راستیە کە رووبەڕووی ستەمێکی بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر بوونەوە، دەتوانن ئەم مافەی خۆیان بە دەست بێنن و کەڵکی لێ وەربگرن، واتا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن. ئەو مافە، مافێکی دیموکراتیکە و کەسێک کە ئەو مافە لە گەلی کورد و گەلی فەلەستین یان گەلانی ژێر دەستی تر زەوت بکا، دیموکرات نییە. کەسێک کە باوەڕی بە ئینترناسیۆنالیسم هەبێ و وەها مافێک بۆ گەلێکی ستەم لێکراو ڕەوا نەبینێ، هیچ شتێک لە ئینترناسیۆنالیسم نازانێ.

بەڵام جیاوازی روانگەی من لەگەڵ روانگەی ناسیۆنالیستی هەمە لایەنەیە. من هەم بڕوام بەمافی چارەی خۆ نووسینی کوردان هەیە، هەم بەپێکەوە ژیانی گەلی کورد و گەلانی تری ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا و قەفقاز. ئەم دوانە – پرنسیپی دابڕان و پێکەوە ژیان– نە تەنیا لە گەڵ یەک ناکۆکیان نییە، بەڵکوو هیچ کامیان بە بێ ئەوی تر نابن. زۆر بە سەختی لە دژی ئانتی سمێتیسم (دژایەتی لە گەڵ یەهودیەت) ڕادەوەستم و بە هەمان ڕادە دژی ڕژێمی داگیرکەر و ئاپاڕتایدی ئیسرائیلم و خوازیاری دامەزرانی دەوڵەتێکی فەلەستینیم کە لە چوارچێوی ئەم دەوڵەتە دا هەر دوو نەتەوەی فەلەستین و یەهوودی و ئەوانی تر بە ئارامی بژین. لە گەڵ ئەو دژایەتیەدا نیم کە لە ڕۆژئاوا لە گەڵ ئیسلام دەکرێ (ئەوەی کە هەموو موسڵمانەکان بە تێرۆریست و پاش کەوتوو لە قەڵەم بدرێن) و لە هەمان کات دا سێکۆلارم و بڕوام بە بنەمای دین نیە. لە سەر ئەو بڕوایەم کە ئەمڕۆکە دژایەتی لە گەڵ ئیسلام، وەک ئانتی سمێتیسمی ساڵانی 1930 دەتوانێ زۆر دەرئەنجامی ترسناکی وەک هۆلۆکاستی (ژێنۆسایدی یەهودیەکان و ئەوانی تر) لێ بکەوێتەوە. پشتیوانی لە تێکۆشانی گەلی فەلەستین دەکەم و بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەم تێکۆشانە لە لووتکەی تێکۆشانە ئازادیخوازەکانی جیهان دایە. بە ڕای من ئەگەر کەسێک بانگەشەی ئازادیخوازی بکات، بەڵام لایەنگری لە تێکۆشانی گەلی فەلەستین نەکا، یان ئاگای لە ستەم لێکراوی ئەو گەلە نیە، یان ئازادیخوازیەکەی جێی گومانە. من لە دژی ئیمپریالیسمی ئەمریکام، بەڵام گەلی ئەمریکا بە هاوڕا و هاوبیری خەڵکێک دەزانم کە ڕووبەڕووی دەستڕێژی دەوڵەتەکیان بوونەوە. لە دژی دەست تێوەردانی ئەرتەشی ئەمریکا بۆ عێراقم، بەڵام پشتیوانی دەکەم لەو سەربازانەی کە ئامادە نین لە شەڕی عێراقدا بەشداری بکەن و پەنایان بۆ کانادا بردووە. من بە توندی لە دژی دژایەتی کردن لە گەڵ فارس و تورک و عەرەبم، ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتە ناسیۆنالیستیەکانی تورک، فارس و عەرب زیاترین ستەمیان لە سەر گەلی کورد پەیڕەو کردووە. بە ڕای من، ستەمی ئەو دەوڵەتانە، لە ستەمکار بوونی ئەو گەلانەوە سەرچاوە ناگرێ. شەڕی و تێکهەڵچوونی نێوان ناسیۆنالیسمی کورد و ناسیۆنالیسمی ئازەری ( لە سەر بابەتی سنوور، یان هەر بابەتێکی تر) شەرمەزار دەکەم و بە هیچ جۆرێ ناخوازم بەشێک لەم شەڕە بم. ئەو دوو گەلە نەریتی هاوکاری و هاودەردی و پێکەوە ژیانیان هەیە و خۆم گرێداروی ئەو بەشە لە مێژوو دەبینم. ئەوانە و زۆر هەڵوێستی تر، سیاسەتی من لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی جیا دەکاتەوە.

**کوردستان راپۆرت: هەر وەک دەزانین تا ئێستا سیاسەتە جیهانییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لە دژی ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بووە، ئاخۆ هێرشی ئەمریکا توانیوێتی تاڕادەیەک ئەم سیاسەتانە تێک بدات و دەرفەتێکی لەبارتر بۆ گەلی کورد بڕخسێنێ؟**

ئەمیر حەسەنپوور: هەر وەک ئاماژەم پێکرد، کوردەکان بە پێی پرنسیپ و یاساکانی مافی ناونەتەوەیی، وەک "گەل" یان "نەتەوە" چاویان لێ دەکرێ و هەر بۆیەش مافی چاری خۆنووسینیان هەیە و بە پێی ئەم راستییە کە رووبەڕووی ستەمێکی زۆر بوونەوە، دەتوانن کەڵک لەم مافەی خۆیان وەربگرن. بەڵام لە کاتێکدا کە ماف ناسان دان بەم مافەی گەلی کورد دادەنێن، ئەمریکا، یەکێتی ئەورووپا و رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەر هۆکاری سیاسی و نەوەک ماف ناسانانە، نکۆڵی لەم مافەی گەلی کورد دەکەن.

ئەمریکا، لە پرۆژەی شەڕی 1991 کە ئامانجی کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی کوەیت بە دەستی عێراق بوو، بە هیچ شێوەیەک ئامانجی دابەش کردنی عێراق یان یارمەتی دان بە کوردەکانی عێراقی نەبوو. دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 ئەنجامی پرۆگرام یان خێرخوازی ئەمریکا نەبوو و ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای شەڕ بوو بە هۆی قەومانی ئەم ڕووداوانە. ئەمریکا لە پرۆگرامی گۆڕینی ڕژێمی سەددام لە ساڵی (2003)شدا، ئامانجی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی نەبوو، لە ڕاستیدا یەکێک لە ئامانجەکانی ئەمریکا کۆتایی هێنان بە نادیاربوونی ڕەوشی عێراق و لەم بەینەدا ڕەوشی کوردستانی عێراق بوو. بە جۆرێک کە کۆتایی بە حکوومەتی نیوە سەربەخۆی کوردستان بێنێ و ئاوێتەی دەوڵەی عێراقی بکات. بەڵام ئەو پرۆگرامەش بە هۆی شکستی پرۆژەی سازکردنەوەی دەوڵەتی عێراق پراکتیزە نەکرا و ئەمڕۆکە تاقمێکی زۆر لە سەر ئەو بڕوایەن کە عێراق لە پراکتیکدا دابەش کراوەو ئەم دابەش بوونە لە داهاتوویەکی نزیکدا فەرمی دەبێتەوە و لە ئاکامدا کوردستانی عێراق سەربەخۆ دەبێتەوە. بەڵام داهاتووی عێراق هێشتا زۆر نادیارە. بەم پێیە، ئەگەر سەربەخۆیی کورستانی عێراق پراکتیزە بکرێت، دەرئەنجامی بە فەرمی زانینی مافی چارەی خۆنووسینی کوردەکانی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە یان دەوڵەتەکانی ناوچە یان ناسیۆنالیستە عێراقییەکان نییە، بەڵکوو لەوەوە سەرچاوە دەرگرێ کە هەموو پیلانەکانیان پووچەڵ بوونەتەوە. هەڵبەت ئەگەر ئەمریکا ببێت بە ئەندازیاری ئەم دابەش کردنە، بۆی هەیە باس لە مافی چارەی خۆ نووسین بکات. <u>بە سەرنج دان بەو ئاڵۆزیەی کە لە پێوەندیە نێونەتەوەییەکاندا هەیە، بۆی هەیە بارودۆخی کوردستان لە هەر چرکە ساتێکدا گۆڕانی گرنگی بە سەر بێت.</u>

گومان لەوەدا نییە کە هەل و مەرجی ئاڵۆز و قەیرانەکانی ئێستا، دەرفەتی بۆ هەموو کەس ڕخساندووە. جێگی هێزە شۆڕشگێڕەکان بەتاڵە. سەرۆکانی کوردەکانی عێراق هەوڵیان داوە کە لە سیستەمی کۆن و پڕ لە قەیرانی نێونەتەوەییدا جێ پێیەک بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان بدۆزنەوە. بەڵام ئەگەر کوردستان لەو هەل و مەرجەدا و بەم سیاسەتانەوە بە سەربەخۆیی بگات، چارەنووسێکی باشتری نابێ لە حکومەتە نەتەوەییەکانی ئەرمەنستان، تاجیکستان، ئازەربایجان و یان خود دەوڵەتەکانی ئافریقایی کە لە ساڵەکانی 1970–1960 سەربەخۆییان بە دەست هێنا. دوای لەناوبردنی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستانی سەربەخۆ، "گەل" لە ئەنجامی هەژاری، نابەرابەری، نایەکسانی و دیکتاتۆری، ڕووی تێکۆشانی لە حکومەتی کورد دەکا.

**کوردستان راپۆرت: وەک دیارە ئەمریکا لە نێوان کوردانی بەشە جیاجیاکانی کوردستان، جیاوازی دادەنێ، بۆ وێنە هەڵوێستی ئەمریکا لەبەرامبەر هێزە کوردیەکانی عێراق و تێکۆشانی کوردەکانی باکووری کوردستان جیاوازە و سەرەڕای ئەمە بە دەیان جار دژایەتی خۆی لەگەڵ تێکۆشانی کوردەکانی کوردستانی تورکیای دەربڕیوە. لەهەمان کاتدا ئەمریکا ئیزنی ئەوەی نەداوە کە تورکیا لە ڕێگەی کوردستانی عێراقەوە هێرش بکاتە سەر پایەگاکانی pkk، هۆکارەکانی ئەم مەسەلەیە چۆن شی دەکەنەوە؟**

ئەمیر حەسەنپوور: سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر کوردەکان بە پێی یاساکانی مافی مرۆڤ و یاساکانی مافە نێونەتەوەییەکان و یاسا ئەخلاقیەکان نیە. تەنای پێوانەی ئەمریکا –جا گرینگ نییە کام لایەن لە کۆشکی سپی سەقامگیر بووبێ – بەرژەوەندیە سەرمایەداریەکانی ئەو وڵاتەیە،

ئەویش بە پێی ڕوانگەی سەرۆک کۆماری و ئەو لایەنەی سەرمایە کە پشتیوانی لێ دەکەن. کوردەکانی تورکیا لە ڕوانگەی ئەمریکا و ڕای گشتی ئەو وڵاتە خراپن، لە بەر ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکایە. ئەو ناکۆکیە بچووکانەی کە لە سەر دەوری تورکیا لە شەڕی عێراقدا پێک هاتووە، بە هیچ جۆرێک ئەم پێوەندیە ناگۆڕێ. باش بوون یان خراپ بوونی کوردەکانی عێراق یان ئێرانیش گرێدراوی ئەم بابەتە بووە کە پێوەندی دەوڵەتەکانی عێراق و ئێران لە گەڵ ئەمریکا چۆن بووە. تەنیا شتێک کە بۆ ئەمریکا جێگەی باس نییە، چارەنووس، ئاواتەکان، مافی نەتەوەیی، ئارامی و ئاسایشی کوردانە.

ئەمریکا وەک تورکیا و ڕەنگە زیاتر لە تورکیاش خوازیاری ئەوەیە کە pkkکۆ بکاتەوە. هەر ڕۆژنامەوانێکی ڕۆژئاوایی تەنانەت ئەوانەی کە مێژووی ئەم پێوەندیانە نازانن، بە ئاسانی دەرک بەم ڕاستییە دەکەن کە ئەمریکا بە تورکیا دەڵێ:"جارێ دەست ڕاگرە، لە بەر ئەوەی کە ڕەوشی سیاسی و سەربازی لە عێراق زۆر هەستیارە. دەست ڕاگرە تا پاشان بە یەکەوە سەرکوتیان بکەین".

**کوردستان راپۆرت: ئایا بەڕای ئێوە هۆکارەکانی دژایەتی ئەمریکا لەگەڵ تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا، لە گەڵ ئەم بابەتە لە پەیوەندیدا نییە کە ئۆجالان بە بێ پشیتوانی هێزە دەرەکیەکان و هاوکات لە گەڵ دژایەتی لە گەڵیان، لەزۆر ڕێگاوە هاندەری تێکۆشانی شۆڕشگێری و رادیکالی گەلی کورد بووە؟**

ئەمیر حەسەنپوور: پێموانیی!ئۆجالان چەند ساڵ بەر لەوەی برفێنرێ و بەتایبەت دوای گیرانی، داخوازی وای ڕاگەیاندووە کە بەجۆرێک زۆر کەمتر بوون لەداخوازیەکانی سەرۆکایەتی کوردەکانی عێراق لەساڵەکانی 1961 بەدواوە. ئۆجالان ئەمڕۆکە خوازیاری مافی کلتووری و زمانی گەلی کوردانە. باسیش لەسەر ئەمە نییە کە سەردەمێک داخوازیەکانی pkkبەرفراوانتر یان ڕادیکاڵتر لەداخوازی کوردەکانی عێراق بووە. هەر دوو لایەن تێکۆشانی چەکداریان بەڕێوە بردووە. سیاسەتی واشینگتۆن لەپێوەندی لەگەڵ کوردەکانی تورکیا و فەلەستینیەکان، بە پێی دەوری دەوڵەتی تورکیا و ئیسرائیل لەناوچەدا بووە و جیگە و پێگەی ئەوان لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا دیاری کراوە و پراکتیزە دەکرێت. بە پێی بڕیارنامەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێویستە تورکیا کۆتایی بە داگیرکەری قوبرسی باکوور بێنێ و ئەرتەشی خۆی لەوێ ڕاگوێزێ و ئیسرائیل لەو ناوچانەی کە شەڕی ساڵی 1967 داگیری کردووە، دەرکەوێ. بەڵام ئەگەر ئەمریکا بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاری کویەت، لەدژی عێراق دەستی بە شەڕ کرد، لە پراکتیکدا پشتیوانی دەکا لەداگیرکردنی قوبرسی باکوور و کەناری ڕۆژئاوای چۆمی ئەردەن و کەرتی غەززە.

**کوردستان راپۆرت: بە ڕای ئێوە لەمەو بە دوا ئەمریکا لە بەرامبەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان چ هەڵوێستێکی دەبێت و پرۆگرامەکانی بۆ ئەم بابەتە چی دەبێت؟**

ئەمیر حەسەنپوور: پێشبینیکردنی وردەکاریەکانی سیاسەتی ئەمریکا دژوارە، لەبەرئەوەی کە ئەو شکستەی لەعێراق و ئەفغانستان تووشی بووە، نەتەنیا ناکۆکی نێوان خەڵکی ئەمریکا و حکوومەتی بوشی زۆر کردووە، بەڵکوو ناکۆکیەکانی ناو حکوومەتی ئەمریکا، ناکۆکیەکانی نێو داروودەستەی

بوش و هەروەها ناکۆکیەکانی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی زیاتر کردووە. نە دەتوانێ عێراق و ئەفغانستان بە جێ بێڵێ و نە دەرفەتی تێکەڵچوونێکی زیاتری هەیە. لە ناو ناتۆدا شەڕ و ناکۆکی لەسەر ئەوە لەئارادایە کە کام دەوڵەت چەند سەربازی ناردووە و ئەو سەربازانە لە کوێ سەقامگیر بوون و چ دەورێک دەگێڕن. لە هەمانکاتدا، ئەڕتەشی ئەمریکا، بەهێزترین ئەڕتەشی ئەمپریالیستی جیهان، نایەوێ شکەستی سەرشۆڕانەی ڤیتنام لە عێراق و ئەفغانستان دووبارە بکاتەوە. بەڵام وەک دیارە ئەو هەلومەرجە سەربازیە بە ئاسانی گۆڕانی بە سەر نایەت. ئەمریکا، ئەگەر پێویست بکات حکوومەتی کوردی لە لایەک دادەنێ، یان خود جیابوونەوەی کوردستان بە مەرجی گرێدراوی تەواو بە تورکیا پڕاکتیزە دەکات. Pkkسەرکوت دەکات و کوردەکانی سوریا و ئێران بە کار دێنێ: بە هۆی "بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان" ئەگەر پێویست بکات، هەر بەو ڕێگەیەدا دەڕوات کە کێیسینجێر پێیدا چوو.

**کوردستان راپۆرت: ئاخۆ دەکرێ هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق وەک شەڕێکی مێژوویی لە نێوان سەرمایەداری جیهانی و کلتووری دەسەڵاتداری رۆژهەڵاتی ناوزەد بکەین، یان خود ئەمریکا بەم هێرشەی خۆی خوازیاری کۆنترۆڵ کردنی هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێرەکانە؟**

ئەمیر حەسەنپوور: هێرشی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان و عێراق هیچ کام لە تایبەتمەندیەکانی ناکۆکی نێوان سەرمایەداری جیهانی و دەسەڵاتداری رۆژهەڵاتی لە خۆوە ناگرێ. ئەمریکا و سیستەمی سەرمایەداری، ئەمڕۆکە گەورەترین ئاستەنگی بەردەم پەرەسەندنی دیموکراسی لە ئاستی جیهان دان. (بزووتنەوەی زۆر پاشڤەڕۆ وەک تاڵەبان و بێن لادێن لە ئاستی هەرێمی دا، جار جار لە گەڵ ئەمریکا یەک دەگرن و جار جاریش تووشی تێک هەڵچوون دەبن.) سەرمایەداری لە سەرەتای ژیانی خۆی، ئەوکاتەی کە ئێستا هێزی بە دەست نەخستبوو (سەدەی 17 تا کۆتاییەکانی سەدەی 18) لە گەڵ فیۆدالیسم و دەسەڵاتداری فیۆدالی لە ناکۆکی دابوو (لە سەردەمی رۆشەنگەری). بەڵام دوای ئەوەی کە چینی سەرمایەدار دەسەڵاتی بە دەست خست (سەرەتا لە ئینگلیز و هۆڵەندا و ئەمریکا و فەڕنسا و.. لە نیوەی دووهەمی سەدەی 18) دەستی بە تێکۆشان لە بەرامبەر وەرزێران، چینی نوێی کرێکار و خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکان کرد.

سەرمایەداری سیستەمێکی چەوسێنەرە ئەم چەوساندنەوەش، ئەو سیستەمە دێنێتە ڕیزی کوێلەداری و فیۆدالیسم. سەرمایەداری ئەمریکا، سەرەڕای بەیاننامەی سەربەخۆیی ساڵی 1776 کە رایگەیاند "هەموو مرۆڤەکان یەکسان ئافرێنراون" بە پشتیوانی کوێلەداری و کوشت و کوشتاری خەڵکی ئەمریکا و بەتاڵ کردنی ئەفریقا لە مرۆڤ، پەرەی سەند. سەرمایەداری ئینگلیز، لەو وڵاتانەی داگیری کردبوون، بۆ وێنە لە هیندستان، لە گەڵ سیستەمی فیۆدالی و عەشیرەتی و پیاوسالاردا دەژیا و نزیکەی 600 کۆشک و حکوومەتی ورد و درشتی بەڕێوە دەبرد. ئەمریکا و ئینگلیز بۆ رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ حکوومەتی ئەفغانستان کە گرێدراوی روسیا بوو، بۆ سازکردنی ڤیەتنامێک بۆ روسیا، لە گەڵ پاشڤەڕۆترین بزوتنەوەکان بوون بە یەک. یەکێتی و هاوپەیمانی ئەمریکا لە گەڵ عەرەبستان و رژیمە پاشڤەڕۆکانی ناوچە، کەوتۆتە سەر زمانی ورد و درشت.

سیستەمی دەوڵەتی ئەمریکا، کە تاقمێک لە ڕەخنەگرانی ئەمەریکی وەک سیستەمی تەک حیزبی – دوو فراکسیۆنی (bi – factionap one party) ناوزەدی دەکەن، لە پێنج ساڵی رابردوو لە ژێر دەسەلاتی پاشڤەڕۆترین بزووتنەوەی مێژووی هاوچەرخ دابووە. دەستە و دارەی بوش یاسا و ڕێسا ناونەتەوەییەکانیان پێ شێل کردووە (ڕفاندنی مرۆڤ، زیندانی شاراوە، ئەشکەنجە، تیرۆر) و گرنگترین پڕەنسیپەکانی دیموکراسی بورژوایی – ئازادی مەدەنی، مافی تاک، مافی مرۆڤ، مافی ژنان، دابەش کردنی هێز، جیایی دین و دەوڵەت و...– پێشێل کردووە. بە ئاشکرا دەڵێن، بەم پێیە کە بەرژەوەندی نەتەوەیی لە مەترسی دایە، دەبێ بۆ ماوەیەک دیموکراسی راوەستێنرێ. ئەمڕۆکە دەتوانین تەواوی هێماکانی سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئەمریکا و وڵاتانی تری رۆژئاوا ببینین. سیستەمی سەرمایەداری لە هەلومەرجی ئاسایی، ئەو کاتەی کە قەیرانێک لە گۆڕێدا نییە، رژیمی حکوومەتی ناسراو بە "دیموکراسی لیبراڵ" زیاتر پەسند دەکا، بەڵام ئەو کاتەی هەست بە مەترسی بکا، بە ئاسانی ڕوو لە دیسیپلینی حکوومەتی فاشیسم دەکا. نازیسم، کە دڕندانەترین شێوەی فاشیزم بوو، لە ڕێگەی هاوپەیمانی و هەڵبژاردنی لیبراڵەکان لە گەڵ نازیەکان، لە ساڵی 1933 لە ئەڵمانیا دەسەلاتی بە دەست هێنا و شەش ساڵ دواتر، شەڕی جیهانی دووهەم و کوڕی سووتاندنی مرۆڤی بەدی هێنا. تەنانەت لەو هەلومەرجەدا کە سیستەمی سەرمایەداری رووبەڕووی هیچ قەیرانێک نییە و ئابوورییەکی باشی هەیە، شیمانەی هاتنە سەرکاری حکوومەتی فاشیستی و فاشیستی نوێن لە ئارادا هەیە. بۆ وێنە، لە ئەمریکا، لە سەرەتای ساڵەکانی 1950 کە هیچ قەیرانێک لە ئارادا نەبوو، دەستە و دارەیەک بە ڕێبەرایەتی سێناتۆر مەک ئارتی بزووتنەوەیەکی فاشیستیان بەڕێخست کە بە مەک ئارتیسم ناسراوە.

<u>ئەم بانگەشەیە کە سەرمایەداری ئاوێتەی دیموکراسی بووە، یەکێک لەگەورەترین ئەفسانەکانی سەرمایەداریە. سەیر ئەوەیە کە روناکبیرە کوردە ناسیۆنالیستەکان لە هەلومەرجێکدا پرۆپاگەندە بۆ ئەم ئەفسانەیە دەکەن کە لەرۆژئاوا لێکۆڵینەوەی زۆر بەرفراوان لەسەر پەیوەندی چرووپڕی دیموکراسی و دیکتاتۆڕی دەکرێت</u>. بۆ وێنە، لەساڵی 2005دا، کتێبی مایکێل مان (Mann) بەناوی لایەنی تاریکی دیموکراسی: ڕوون کردنەوەی پاکسازی قەومی (بڵاوکراوەکانی زانکۆی کەمبریج)( The dark side of democracy: Explayning Ethinc cleasing) پێوەندی نێوان کەڵک وەرگرتن لە توند و تیژی و دیموکراسی هەڵسەنگاند و باسێکی بەربڵاوی وەڕێ خستووە و ئەوە تەنیا لێکۆڵینەوەی لەم رەنگە نییە. ئەمریکا لە بەکار بردنی چەکی ناوەکی (هیرۆشیما و ناکازاکی) چەکی کیمایی (ڤیەتنام) و ئەو چەکانەی تر کە بە کۆمەڵ خەڵک دەکوژن یان بریندار دەکەن، بەرێ خستنی کودەتا، کوشتار، کەڵک وەرگرتن لە فەزا بۆ مەبەستی سەربازی، ئەشکەنجە و تیرۆر و جەنایەتی شەڕ و جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی، دەوری سەرۆکێک دەگێڕێ. ئەمریکا لە شوێنە ناونەتەوەییەکان دا، بە شێوەیەکی سیستماتیک، لەگەڵ قەدەخە کردنی مین و بۆمب و.. دژایەتی کردووە و بەردەوام چەکی مەترسیدارتر ساز دەکا. جورج سۆرۆس (soros) سەرمایەداری ئەمەریکی، لەم دواییانەدا گوتوویەتی کە ئەمریکا گەورەترین ئاستەنگی دیموکراسیە، هەڵبەت دیموکراسی سەماریەداری. وەک دیارە، ڕوناکبیرانی کورد ناگەنە تۆزی بەرپێی سۆرۆسیش.

**سەرچاوە : کوردستان ڕاپۆرت**

تێبینی : ئەم وتووێژە بە زمانی فارسی کراوە ( دەقی وتووێژەکە بە فارسی لە بەشی فارسی ڕێنێسانس دا بخوێنەوە ) و دواتر کوردییەکەی لە ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت لە باشووری کوردستان بڵاو کرایەوە .